# بوون یان نەبوون کامیان ئاساییە

## مەهدی کامیل (نیا)

لە چەند رۆژی ڕابردودا دیسان کێشەی نەبونی بەنزین , بەتایبەتی و بەگشتی سوتەمەنی . ڕوبەڕوی شارارەکانی هەرێمی کوردستان بووەوە , یەك بەرمیل نەوتی سپی بە برِی (90000DI) دیناری عێراقی یە , واتە بەرامبەر بە(60$) دۆلاری ئەمریکی یە , لەکاتێکدا , یەك بەرمیل نەوتی خام لە بازاڕەکانی جیهاندا بەم برِە پارەیەیە . ئێمە لەعێراقدا دەژین کەدووەم گەورەترین مەخزونی نەوتی ژێرزەوی هەیە , ئێستا کارەباشی چۆتە سەر , لە (24) کات ژمێر تەنها (5) کاتژمێر کارەبا هەیە . دڵنیاشم ئەمە یەکەمین جارو دواین جاریش نیەو ناشبێت .

بەدرێژای تەمەنم , کەنزیکەی (30) ساڵ دەبێت , ئەوەی لەیادەوەری مندا تۆماربووە , کۆمەڵێك کێشەیە , وەك جەنگ ,ئاوارەی ,نەبونی ئاو ,کارەبا ,مەسکەن ,کوشتنی بەکۆمەڵ, گرتن ,.... هتد . کەرەنگە ئەمە قەدەری ئەم وولاتەبێت , یان ئێمە مەحکوم بین بەمانە . هەموو ئەمانە ڕێگر بون لەبەردەم هەڵکشانی ژیان بەشێوەیەکی ئاسایی و ئینسانی . ڕژێمە یەك لەدوای یەکەکانی عێراق , ئەو مافەیان بەخۆیان ڕەوا بینیوە , کەبەشەری ئەم سەرزەمینە غەرقی دژوارترین مەحرومیەت بکەن . ئاساییە , بەحوکمی ئەوەی کەرژێمێکی دکتاتۆری , فاشی , ڕەگەز پەرست , وە دژە ئینسانی بوون . هەر ئەمەش بووە ناکۆکی ڕیشەیی خەڵك لەگەڵ ئەم ڕژێمانە , لەسەر زەوت کردنی مافەکانیان لەلایەن ئەو ڕژێمانەوە . هیچ یەکێکیان نە ویستویانەو نە توانیویانە , ئەم کێشانە چارەسەر بکەن .جالەژێر هەر بیانو ناوێکدا بێت , وەك ئەوەی ئێستا دەڵێن ئاونیە لەبەر ئەوە کارەباش نیە .

بەڵام ئەوەی ئێستا لەم وەزعە بەرپرسیارە , ڕژێم و دامو دەزگایەکە , کەڕۆژانە پڕ بەدنیا هاواردەکات , ئازادی , مافی مرۆڤ , یەکسانی , ژینی ئینسانی , ڕەفاهیەت , چی وچی . زۆر لەمانەیش زیاتر دەڵێن , حکومەتەکانی هەرێمی کوردستان (15) ساڵە لەسایەی دەسەڵاتی ئەماندا کێرڤی ژیان بەرەو خواربونەوە کشاوە , کێشەکان لەڕوی چەندایەتی و چۆنایەتیەوە بەرەو زیادبوون ڕۆیشتوون, کەی ئەوە کێشەی هاوڵاتیە بۆنیە , لەسەر دەسەڵاتە هەموو پێداویستیەکانی ژیان دابین بکات , ئیتر چۆن , ئەوە کاری هاوڵاتی نیە , بەڵکە ئەوە مەهام و ئیشی دەسەڵاتە . بەڵکە ئەوە ئیلتیزامی دەسەڵاتە بەرامبەر بەهاوڵاتی , وە بەرپرسیارە لێی . ئەگەر نا , با وازبهێنێت کێ توانای هەیە باکاربکات , هەوڵبدات , ئەوە دەسەڵاتی ڕاستەقینەیە , شایانی بەرپرسیارەتی مێژووییە . ئەم دەسەڵاتە پیشانیدان کەزۆر بەتوانان , لە شەڕکردن , گرتن , بێسەرو شوێنکردن , شەڕی خۆکوژی تێکدانی ژیان , بەشێوەیەك هەتا ئەوەی بەعس لە دامەزراوەو شوێنی کار , پاشماوەی مەدەنی , پێی بەجێهێلرا لەکوردستاندا , ئەمان لەناویانبردو ئاودیویانکرد بۆ ئەودیو سنورەکانی کوردستان , لەکاتێکدا ئەمانە نە موڵکی بەعس و نەملکی ئەمانیشبوون , بەڵکە ملکی خەڵکبوون .

خەڵکی ئەم سەرزەمینە وا ڕاهێنراون ئەمانە هەمووی بە حاڵەتی نۆرماڵ وئاسایی تێبگەن . پێچەوانەکەشی بەغیر عادی و نائاسای تێبگەن , بەڕاستی دەسەڵات زیرەکانە توانیویەتی ئاڵو گۆڕ بەم دوانەبکات لەزیهنی خەڵکیدا .

ئەگەر ڕۆژێك ئەم حاڵەتە پێچەوانە بووەوە , ئەوا زۆر بەنائاسای بزانێت . ئەگەر ڕۆژێك ئازادی فەراهەم ببێت , پێداویستیە سەرەتاییەکانی ژیانی , ئەوەی کەئێستا لەدنیای مۆدێرندا هیچ جەدەل و نیقاشێك هەڵناگرێت , وە هیچ بیانویەك نیە بۆ نەبونیان . وەك نان , کار , ئازادی, ئاسایش , ئاو ,کارەبا ,سوتەمەنی , مەسکەن , ڕێگاوبان وهاتوچۆ, ظمانی کۆمەڵایەتی , خوێندن , تەندروستی , بیمەی بێکاری ..... هتد . ئەگەر ڕۆژێك یەکێك لەمانە هەبوو خەڵکی دەستی پێڕاگەیشت , ئەوا وابزانێت , یان واهەست بکات . دەسەڵاتداران لەخۆیان بردوون , لەدەمی خۆیان گرتۆتەوەو بەخشیویانە بە سفرە چۆڵەکانی

ئەمان . بۆیە پێویستە لەبەرامبەریشدا وەلائیان دووبارە بکەنەوە , ڕێزو خۆشە ویستی و گیان فیداییان بۆ ڕەوانــە بکەنــەوە . نازانن ئەوەی کەئاساییە بوونی ئەمانەیە , نەبوونیشی بەهەموو پێوەرەکانی دنیای نوێ نائاساییە , ئەوە ئەمانەن ئەم هەموو مافەیان لەخەڵکی زەوت کردوە . ئەمانیان لێبێبەری کردوە . چەند کاتە دەسەڵاتدارانی ئەم دەڤەرە , ئەم حەقەی خــەڵکیان زەوتکردوە .

ئەمانە وەك خۆیان دەڵێن , سەرچاوەی ئازادی نین بەڵکە سەلماند ویانە دژمنی سەرسەختی ئازادی و بونیشن . ئەوە ئەمانــەن ئێمەیان بەم جێگایە گەیاندوە . سەیرە دەسەڵاتێك ئید عای ئازادی و دیموکراسی بکـات , پـاش ( 15 ) سـاڵ مومارەسـە ی دەسەڵات , کەچی ( un ) پێمان بڵێت دەزانن لەهەڵبژاردنەکانی عێراقدا , دەسـەڵاتە دیموکراسـەکەی ئێـوە غـەرقی تزویـرو خروقاتە , کەسێك ئاوا ئید عابکات کەچی بەچەندان کیلۆمـەتر لـەدوای عەمامـە بەسـەرەکانی نەجەفـەوەبێت , لـەدوای سادەترین کەسەدواکەوتوەکانی دورترین گوندی بیابانەکانی سنوری عێراق سعودەوە بێت , کەهیچ وەعیەکیشی نیە , بـەدنیای نوێ نەك دیموکراسی ..

nya-78@hotmail.com



مەهدی کامیل (نیا)